

# بۆ یادی
# هەشتا ساڵەی
# میشێل لووی

مانوێل کێلنەر

کتێب و لێکۆڵینەوە و گوتارەکانی مشێل لووی، کە لە 6ی ئایاری 1938 لە شاری ساوپاولۆ لە بەرازیل لەدایکبووە، بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاوە. خۆشبەختانە بۆ خوێنەرانی زمانی ئەڵمانییش، کۆمەڵێک کتێبی گرنگی لووی لە کتێبخانەی ئەڵمانیدا دەست دەکەون.

**کتێبەکانی بە ئەڵمانی**

ئەو کتێبانەی میشێل لووی کە هەتاوەکوو ئێستا کراون بە ئەڵمانی ئەمانەی خوارەوەن:

Che Guevara شی گیڤارا، کە لە ساڵی 1987 چاپ کراوە.

ئینتەرناسیۆناڵیزم و ناسیۆنالیزم.

مارکسیزم و ئەمەریکای لاتین کە لە ساڵی 1984 چاپ کراوە.

مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی، کە لە ساڵی 199 چاپ کراوە.

مارکسیزم و ئایین کە لە ساڵی 1990 چاپ کراوە.

شۆڕش بە بێسنوور، کۆمەڵێک تیۆرییە بۆ شۆڕشی پەرلەمانیزم، کە لە ساڵی 1987 چاپ و بڵاو کراوەتە.

**وتارەکانی بە ئەڵمانی**

لە لایەکی ترەوە خۆشبەختانە کۆمەڵێک گوتاری لووی بە زمانی ئەڵمانی هەیە بەتایبەت لە گۆڤاری (SoZ). چەند گوتارێکی لووی بە زمانی ئەڵمانی بڵاو کراوەتەوە. لەوانە:

Das Reich der Freiheit Protestantische Arbeitsethik, Verkürzung des Arbeitstags, bedingungsloses Grundeinkommen», SoZ 2017/5

جگە لەوەیش لە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم و هەروەها لە بڵاوکراوەکانی (Inprecor) وتاری (und International Viewpoint) بە ئەڵمانی هەیە. جێگەی ئاماژەیە لووی ماوەیەکی زۆر خۆی یەکێک بوە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم و کاری لەگەڵدا دەکردن.

تەنها نیوەی ئەو کتێبانەی کە لە بەردەستماندان، دەتوانن گوزارشت لە گرنگی و قووڵی ئەم نووسەرە بکەن. لێرەدا دەتوانم نموونەیەکی بچووک بهێنمەوە و ئاماژە بە گوتارێکی بکەم کە لە ساڵی 1983 پێکەوە لەگەڵ ڕۆبێرت سایرە بە زمانی فەرەنسی بڵاو کراوەتەوە. گوتارەکە لە ژێر ناونیشانی: شێوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنتی کەپیتالیزمی ڕۆمانسی، کراوەتە ئەڵمانی.

**کەپیتالیزمی ڕۆمانسی**

لێرەدا پێم خۆشە باسی کورتەیەک لەو وتارە بکەم:

-ببوورە دەڵێن چی؟ ئەمە لە کەیەوە ڕۆمانتیک بۆتە شتێکی «ئەنتی کەپیتالیزم؟» ئایا ئەمە هەڵوێستێکی کۆنەپەرست و گەڕانەوە نییە بۆ دواوە؟ هەموو کاتێک هەڵوێستی کۆنەپەرستانە خزمەتی ئەو ڕەوشە خراپەی ئێستا دەکات و دژی هەموو گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێرانە دەوەستێتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە ڕێگای لێ دەگرێت بۆ ئەوەی نەهێڵێت هەنگاو بۆ ژیانێکی باشتر بنێت.

جێگەی ئاماژەیە هەر دوو نووسەر باش لەم ڕستانەیان دەگەن، بەڵام دەیانەویت ڕوونکردنەوەی زیاتر بە خوێنەر بدەن، بۆ ئەوەی باشتر لە بابەتەکە بگەن و دەڵێن:

لە ڕاستیدا ڕۆمانتیک لە کۆمەڵێک ڕەوتی جیاواز پێک دێت و هەر یەکەیشیان هەڵگری ئامانجێکی تەواو دژ و جیاوازە بۆ نموونە «ڕۆمانتیکی شۆڕشگێر و دژە شۆڕش، ڕۆمانتیکی کۆسمۆپۆلیتیک و ناسیۆنالیست، ڕیالسیت «واقعی» و فەنتاستیکی، ڕیاکسیۆنێر و یۆتۆپیدی «خەیاڵی»، دیموکراتخواز و دژە دیموکرات، کۆماریخواز و مۆنارشیست «شا پەرست»، ئایینی و علمانی، بەڵام لە ناو ئەم ڕەوتانەدا، ڕەوتێکی تێدایە کە قووڵتر بیر دەکاتەوە و خاوەنی هەڵوێست و تێڕوانینیکی تایبەتە بەرامبەر بە جیهان.

لۆکاش ناوی ئەمانەی پێکەوە نابوو «ڕەوتی ئەنتی کەپیتالیزم»



**لووی ماوەیەکی زۆر خۆی یەکێك بوە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم و کاری لەگەڵدا دەکردن**

هەروەها لە شرۆڤەکانی لای مارکس و ئەنجلیش هەمان شت دەدۆزینەوە، لە کار و بەرهەمەکانی بەلزاک و کارلییە و سیسمۆندیش هەمان شت دەدۆزینەوە. هەر چەندە بەشێکی زۆری مارکسییەکانی سەدەی بیستەم، تەنها سەیری لایەنی کۆنەپەرستی ڕۆمانتیکیان دەکرد. ئەوان پێیان وا بوو کە ڕەوتی ڕۆمانتیکی مانای هانابردن بۆ سەدەکانی پێشوو گەڕانەوە بۆ قۆناغی پێشتر و کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەیەکی ئەفسانەئاسا و ئایدیالیست و ناواقعی دەگەیەنێت.

بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی بەلزاکدا ڕیالزیم «واقعیەت» بە سەر ڕۆیالیزم «شاپەرستی» زاڵ دەبێت، ئەمەیش بە هۆی ئەو وەسفکردنە ورد و جوان و دروستەی، کە بەلزاک بۆ ئەو هەژاری و نەدارییەی دەکات، کە زاڵ بوە بە سەر کۆمەڵگەی فەرەنسایدا لەو کاتەدا.

بە پێچەوانەوە لە ڕەوتی فەتنازی و سوریالیزمدا بۆ نموونە لە کارەکانی E.Th.A.Hoffmann und André» Breton» دەرئەنجامەکە پێچەوانەی ڕۆمانتیکە، لێرەدا هێزی خەیاڵ بە سەر واقیعدا زاڵ دەبێت.

لە لایەکی ترەوە زاڵبوونی هەستێکی نامرۆییانە و ناتەندروست بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، وای کردوە، کە تەنها مرۆڤەکان بیر لە پارە و قازانجی ماددی و بەهای شتەکان بکەنەوە و هەموویان لە یەکتری دابڕێن و هەر کەسە و بۆ خۆی بژی و گیانێکی شەڕەنگێزی و مونافەسەیەکی ناشیرین بە سەر ئەم پێوەندییانەدا زاڵ بێت و ژیانیشیان هیچ تامێکی خۆشی تێدا نەمێنێت و ببێتە شتێکی بەتاڵ و پووچ. لەم جۆرە هەلوومەرجەشدا، مەیلی ئەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤەکان حەز بە جۆرێک لەژیانی تر بکەم و کە تێیدا سەرنجڕاکێش و خۆش بێت و دوور بێت لە ژیانی ناوخۆش و مومیلی ئێستایان.

ئەم هەلومەرجەیش پێویستی و زەروریەتی گەڕان و ڕاکردن و هانابردن بۆ ژیانێکی نوێ دەبات، کە دەتوانرێت ڕەگەزەکانی لە ڕێگەی شتی خەیاڵی و ڕابردووی کۆن و شوێنە دوورە دەستەکانەوە بخولقێنرێت، بەدڵنیاییەوە ئەمەیش وا دەکات کە بزووتنەوەیەکی گەورەی ڕاکردن لە ژیانی هەقیقی دروست بێت کە بە « Eskapismus » ناو دەبرێت، کە مرۆڤەکانی سەردەمی مۆدێرنە لە ڕێگەی ئەمەوە «ئێسکاپیسزم» دەتوانن خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەیان ڕزگار بکەن.

بەدڵنیاییەوە گەڕان بە دوای نەمامی گوڵی ڕۆمانتیکدا بەرەو دوورترمان دەبات و لە قۆناغی سۆسیالیستە یوتۆپییەکان نزیکمان دەکاتەوە،

چونکە سۆسیالیستە یوتۆپییەکان «خەیاڵییەکان» ئەوان بوون بەردی بناغەی سۆسیالیزمی نوێیان دارشت و خەباتیان دەکرد بۆ دروستکردنی جیهانێکی شایستە بە مرۆڤایەتی «ئەمەیش بەڕوونی دەتوانین لە کارەکانی ڤالتەر بنیامیندا ببینین و هەر ئەمەیشی کردبوە سیمای سەرەکیی هەموو کارەکانی، کاتێک داوای گەڕانەوەی بۆ قۆناغی جوولەکە میسانیزمەکانی «جوولەکە سۆڤییەکان» دەکرد و بە ماتریالیزمی مێژووییشەوە دەیبەستەوە.

سەردەمی ڕۆشنگەری ئەو منداڵدانەی کە مۆدێرنەی لێ لەدایک بوو، لە سەرەتادا پشتی بە فکری ئایینی و ڕۆمانتیک دەبەست، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی تۆنێکی شڵەژاو بوو، بەڵام ئەمەیش پەیوەست بوو بە زەرورەتی پێشکەوتنەکانی عەقڵ، لە هەمان کاتیشدا دەیویست خۆی لە بێئومێدیی سەردەمەکانی پێشوو ڕزگار بکات.

پێشکەوتنی تەکنیکی و پیشەشازی کەپیتالیزمیش، پەیوەست بوو بە لەناوبردنی تەواوی میراتی سەردەمی سەدەکانی ناڤین، دەبوایە هەموو هەلومەرج و بۆچوون و نەریتەکانی سەردەمی ناڤین لە ناو ببات و خۆی لێیان ڕزگار بکات.

لەبەر ئەوە هەر زوو کارل مارکس کاتێک بوو بە کەسێکی کۆمۆنیست، یەکسەر بۆچوونەکانی خۆی گۆڕی، دژی یاسا گشتییەکانی فەلسەفەی هیگل وەستایەوە. (ئەو یاسا فەلسەفییانەی کە پێشتر هیگل بۆ فەلسەفەی دانابوون).

## نۆستالۆژی و یوتۆپی

هونەر و بیرکردنەوەی کۆنەخوازی وەکوو یوتۆپییە ڕۆمانتیکەکان یەک خاڵی دەستپێکیان هەیە، کە لە ئێستادا ئەو خاڵەیش بەهاکانی خۆی لە دەست داوە. هونەرێکی مرۆییانە و کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاوی بە سروشتەوە هەیە، لە هەمان کاتیشدا توانستی ئەوەی هەیە، کە دەرفەت لە بەردەم



Michael Löwy

داهێنان و ئەفراندنەکانی مرۆڤدا فەراهەم بکات و ڕۆحی مرۆڤایەتی باشتر تێیدا دەر بکەوێت. هەروەها دەتوانێت پێوەندیی تاک بە کۆمەڵەوە باشتر بکات. دەتوانێت ژیانێک دروست بکات، کە تێیدا ئەفراندن و ئەزموونەکان، سیمایەکی مرۆییان هەیە و خەندەبەخشن، بەدڵنیاییشەوە بەبێ ئەم هەلوومەرجەیش، هیچ کاتێک ناتوانین بەختەوەری بۆ منداڵان دابین بکەین. لەبەر ئەوە یوتۆپیا و نۆستالۆژیا، پێوەندییەکی ڕیشەیی و قووڵیان پێکەوە هەیە و زۆر لە یەکتریەوە نزیکن.

بەدڵنیاییەوە لووی و سایرە زۆر بەجوانی شرۆڤەیەکی ورد و دروستیان بۆ چەمکی ڕۆمانتیک کردوە، لەو پەڕی بەرەی فاشیزم و ڕاستڕەوە بۆ ڕەوتی شۆڕشگێڕی، ئەوانەی کە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی پێوەندییەکی مرۆییانە زاڵ بێت و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی لە چەوسانەوە و ستەمکاری و جووداکاری ڕزگار بکەن و چیتر خۆیان بە ژیانێکی یوتۆپی و دوورەدەستییەوە سەرقاڵ نەکەن.

ئەوان «مەبەستی لووی و سایرە» نیقاشێکی ورد و قووڵیشیان لە بارەی ئەو پرسیارەوە کردوە، کە ئایا ڕۆمانتیک چ بنەمایەکی چینایەتیی هەیە؟ دژی هەموو ئەو تێڕوانینە نازانستی و دۆگمایانەیش دەوەستنەوە، کە لە لایەن ئەرستۆکراتی و بۆرجوازی و وردە بۆرجوازییەوە بۆ ئەم ڕەوتە دەکرێت و دەیانەوێت بە خۆیانەوە ببەستنەوە، چونکە ئەوانە هەر کاتێک بزانن سامانەکەیان یان شێوازی ژیانی لە مەترسیدایە، واز لە هەموو شتێک دەهێنن و ڕادەکەن، دیارە ئەمەیش سیمای گشتیی ئەوانە و ناگۆڕێت.

هەر دوو نووسەر جەختیش لە سەر ئەو خاڵە دەکەنەوە کە کارل مانهایم ناوی لێ ناوە» زیرەکی ئازاد و ڕۆشنبیر» کە بنەچەی کۆمەڵایەتییان جیاوازە و زیاتر جەخت لە سەر بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی کەلتووری دەکاتەوە.

ئەمان «مەبەستی توێژی هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیرە. و.ک» کەمتر گرنگی و بایەخ بە جیاوازی و ململانێی چینایەتی دەدەن، بەڵام لە ژێر فشاری کەپیتالیزمدا، ئەوان ناچارن، کار و بەرهەم و داهێنانەکانیان بفرۆشن، بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئەمانە زۆر جار ڕۆحی بەرەنگاری بە سەریاندا زاڵە.

دیارە ڕاستە ئەم توێژە ژمارەیان لە ناو کۆمەڵگەدا زۆر نییە، بەڵام جەماوەری زۆریان لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوەیش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامرازی جۆراوجۆری میدیایی، کە ئەوان دەتوانن لە ڕێگەیەوە کار بکەنە سەر خەڵکی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرج و سروشتە قوورسەی کە بەرهەمی کەپیتالیزمی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، بۆتە هۆی ئەوەی هەموو بەهایەکی مرۆیی و سروشتیش لە ناو بریێت، دیارە ئەمەیش پەیوەندیی نییە بە دیاردەی توندڕەویی ئاینی، یان هەستی ڕۆمانسیەتی خەیاڵی و ڕاکردن لە واقع و هانابردن بۆ ژیانی یوتۆپییەوە، بگرە هەموو ئەمانە لە ئێستادا بوونەتە ناسنامە و سیمایەکی سەردەمی ئەمڕۆمان و بوونەتە بەشێک لە ژیانمان.

سەرچاوە:

Manuel Kellner . Michael Löwy zum 80.Geburtstag. www.sozonline.de/